# لێدوانێک سەبارەت بە
# واژە........ ئازادی....... بە رپرسی



**بارزان شوان**

**دەتوانم بڵێم کەهەر هەمووومان گریمانەو دان بە وەدا دەهنێین کە بەرپابوون و هێنانە دی گۆڕانە سەرەکیەکانی بنەما دیموکراتیەکان بە کارێکی ساکار و ئاسان ناژمێردرێت و ئەرکێکی گەلێک درێژخایەن وشلۆغاوی گەرەکە، گەیشتن بۆ ئەو مانا و ئارمانجە پیرۆزانە پێویستی بە گفتوگۆو زەمینەخۆشکردنێکی بنەڕەتی لە گەڵ گشت پارتو ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کۆمەڵگاو ڕاگۆڕینەوەی گەلێک بە گوڕ و جیاوازی نێو گشت گرووهەکان هەیە، وە هەروەها ئەو ڕێچکە ئاستانگەریانەی کە دێتە بەردەم ئەو هەوڵانەی دەکرێن بۆ گەیشتن بە مەرام، گەلێک چەرمەسەری و ناکۆکی و یەک نەگرتنەوەی دێتە پێش، دەبێت لە هەمان کاتدا دان بەوەشدا بێنین کە گرتنەبەری ئەم ڕێگەیە بۆهەردەم بەرەو پێشڤە چوون بە گوێرەی خواستەکانمان ناڕواتە پێش، بەڵکو ئەو گۆڕانکاریانە لە بناغەدا لە قۆناغی گواستنەوەدان، وە بە پێی پێناسەو تاقیکردنەوەکان، دووچاری قۆرتی قووڵی جۆراو جۆر دەبن، بێگومان قۆناغەکان تاوێک بەرەو پێش و تاوێکی تریش بەرەو دواوە ڕێ دەکات، ئەم نا ئارامیە بەردەوام دەبێت تا وەکو لە خاڵێکدا جێگیر دەبێت و زۆربەی هاوڵاتیان پێی دڵخۆش و ڕەزامەند دەبن.**

**هەر گۆڕیانێک یاخود هەر بەرەو پێش چوونێک کە هیواو ئارەزو و ئارمەنجەکانمان تیایاندا هاوگری یەک دی دەبنەوە پێویستیان بە هاوکاری گشتی دەبێت، جا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاوات و مەرامانە ترس و نا دڵی و نا ڕەزاییەکی زۆر ئاڵۆزی هاودەنگی گشتی جەماوەری پێوە گرێ دەدرێت، تا وای لێ دێت دەگاتە سەر قۆناغێکی بنەڕەتی کە گری دەکرێت بۆ گەیشتن بە ئاواتی ئەو مەرامە بەرزانە گەلێک نادڵی و ڕاڕایی میللی جیاوازی لێوە هەڵبقوڵێت، کەواتە تازەبوونەوەو گواستنەوە بەرەو پلەیەکی زیاتر پێشڤەچوو ناتوانرێت بە کارێکی سانا بژمێردرێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە خۆبەستنەوەو گیرسانەوە لە سەر هەندێک بنەماکان بەرەو گۆڕانکاریە دیموکراسیەکان، نابێت بکرێت بە بەڵگەیەکی سەرەکی بۆ وە دیهێنانی شێوەساغی ئەو کارانە، وە هەروەها گەرەنتی جێبەجێ کردنی ئەو کارانەش هەر ناتوانرێت بدرێت، بەڵکو خۆی دەبێت بە بەربەستێک بۆ هاتنە دی ئەو خەون و خەیاڵە ئاڵۆزانە، ئەم بابەتانەش نەک تەنها لەو خاڵەدا خۆ گەمارۆ دەدەن، بەڵکۆ خاڵی ئاڵۆزتر دێتە مەیدانەوەو شیکردنەوەشیان هێندەی دی ئاڵۆزتر دەبن،کەواتە ئەو خاڵە ئاڵۆزانەی کە سەبارەت بە دەستوور و یاساو شەریعەتەوە تا ئەو کاتە نووسراونەتەوەو داڕێژراون، بەڵکو سەرەڕای ئەو وەدیهێنانە گشتیانەی کە تاک و چین و توێژە سەر بە کۆمەڵگاکان لە دەنگدانە گشتیەکاندا وە چنگیان هێنابوون، هێشتا**

شیکردنەوەیان ڕوو بە ڕووی ئەو گۆڕانکاریانەی هاتوونەتە ئاراوە بۆ هاوڵاتیان هێندەی دی بە کارێکی قورستر و زەحمەت تر لە قەڵەم دەدرێت.
ئەم ئاراستە تایبەتمەندانە بە یەکێک لە ڕوانگە سادەکان دەژمێردرێن، بەڵام لە لایەکی کەوە ئاراستە گشتیەکانی سەر بە گۆڕانکاریە ناوبراوەکان کە بەرەو وەدیهێنانی ئارمانجە سەرەکیەکان بەرەو سەقامگرتن و چەسپ کردنی گۆڕانکاریەکان پێ دەچەقێنێت، ئەویش لە کاتێکدا کە پڕکردنەوەی بەردی بناغەیی ئەو بنەمایانە کۆم دەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا وویستە گرنگەکانی دی پێشێل دەکات، جا جگە لە وبایەخەی لەو ڕوانگەیەوە پێی دەدرێت و ئەو هاوکێشەیەی کە کردۆتیە بەر ئامێزی خۆی و ئەو گرنگیەی کە پێی دەبەخشرێت تا ئەو کاتەش جێگە سەرەکیەکەی خۆی ناگرێتەوە کە مایەی گفتو گۆیەو ڕووبەڕووی ئەو پێناسە ڕەونەقە دەبێتەوە کە زووتر لە سەریان دواین.

مەبەستمان لێرەدا ئەو ڕۆشنبیریە گشتیەیە کە هەموو کۆمەڵگاکان بە ڕووداوێکی کاریگەری دەزانن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سروشتێکی گشتیە کە کە لە ناوەڕۆکەکەیدا گشت بابەتە گەورە سیاسیەکان خۆیان بۆ گۆڕانکاریەکان گەمارۆ دەدەن بەرەو گەیشتن بە  کۆمەڵگایەکی دیموکراسی، ئەم کەش و هەواو سروشتەش بەکێڵگەیەکی تایبەتی بۆ چەسپاندنی یەکسانی و نرخی مرۆڤ  و چاکسازی فرە حزبی و گۆڕانکاریە گشتیەکانی گەرەک و خواستە، جا هەر بۆیە نکران کردن و و دژوەچوونی ئەو گۆڕانکاریانەش بۆئەو بۆچوونانە بەردەوام ڕێدەپێویت، بێگومان هۆکارەکانی پێشڤەخستنی ئەو ڕۆشنبیریە کە لە ڕواڵەتدا بە بەشێک لەو پرۆژە ڕۆشنبیریە گشتیە باوەکان دەژمێردرێت، وە لە هەمان کاتدا بە بەشێکی سەرەکی ڕەچاو دەکرێت کە بابەتێک بەرەو چاکسازی گشتی پاڵ دەدات، ئەرکە گرنگەکەش بێگومان بە سەر شانی دامو دەزگا مێدیاکاندا دسە پێندرێت کە لە لایەکەوە بابەتە ڕۆشنبیریە گشتیەکانی ڕۆژانە شی دەکاتەوەو لە لایەکی کەوە هاتنە کایەوەو سەقامگرتنی ئەو گۆڕانکاریانە بۆ خوێنەران ڕوون دەکاتەوە، بەڵگەش بۆ بوونی ئەو دەزگایانە و بۆچونەکانیان بۆ کۆمەڵگا بە کاردانەوەیەکی سەرەکی دەژمێردرێت و بێگومان کاریگەریش دەبێت بۆ پێشخستنی بەشە جیاوازەکانی پێشکەوتنی ڕێچکە دیموکراسیەکان، لەم ساڵانەی دوایەدا مێدیا گشتیەکان پێشکەوتنێکی خویایان بە دی کردوە، بە تایبەتی قەبارەو بوون و زیادبوونی ڕۆژنامەو دەزگا بڵاوکراوەکان پەرەیەکی باشیان سەندوە، ئەویش دوا بە دوای ئەوەی کە دەمێک بوو ئەم دەزگایانە زۆربەیان یان سەر بە حکومەتەکان بوون یانیش سەر بە ڕژێمە جیاوازە دکتاتۆرەکان بوون و سەربەخۆ نەبوون لە دەربڕینی بیروڕایەکانیاندا، لەم سەدەیەدا گۆڕانکاری لە سەر ڕۆژنامە حکومیەکانیشەوە خەریکن دەردەکەون، ئەویش دوا بە دوای ئەوەی کە دەمێک بوون لە خەودا مابوون و هەمان بەڕیوەبەر ئەو دام و دەزگایانەیان بەڕێوە دەبردن ، ئەم گۆڕانکاریانەش بە هۆی بوونی دامو دەزگا گشتیەکانی ئینتەرنێت و بوونی ڕۆژنامەی سەربەخۆ لە دەرەوەی ئەو وولاتانەدا ڕوویان دا ، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەم گۆڕانکاریانە بە ڕاست کاریگەر بوونە لە سەر بەرەو پێشڤەچوونی بیروباوەڕی خەڵکان و ڕۆشنبیریە گشتیەکانی سیاسەتیان بەرەو پێشەوە بردوە؟ یان تۆ بڵێیت ئەم گۆڕینە کاردانەوەیەکی ئەرێتی  لە سەر شێوەی زمان و گۆڕینی بابەتە سەرەکیەکانی سەر بە ڕۆشنبیری و ڕای نوێ و نووسینی پەڕتووکی تازە و بەرهەم و فکرو هۆشی پێشکەوتوخوازی بابەتە گشتیەکانی هەبووبێت و بەرەو پێشەوەی بردبێت؟

ڕۆژنامە کوردیەکان تا ئەوڕۆش زۆربەیان بە هۆی نە بوونی دیموکراسی و ململانێ کردنی ڕژێمە سەرکوتکەرەکان و قەیرانە گشتیەکاندا هەردەم هاندەر بوونە بۆ چەسپاندنی نرخی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و ڕووناکبیری هۆشەوە، گشتمان هەر ئەوەشی لێ چاوەنوارڕ دەکەین و بە هیواین بەردەوام بێت لە بەرین کردنی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی، کاری مێدیا بێگومان ئەوە نیە هەستێت بە هەڵدان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بە سەر ئەم و ئەودا.

لەوە دەچێت کە ئێمە ڕووبەڕووی گرفتێکی گەورەبین کە پێویستی بە هۆشیار بوون و گرەو بردنەوە هەبێت، زۆربەی ئاژانسە دەنگوباسەکان ، من ناڵێم هەر گشتیان زۆر جار بەرامبەر زۆربەی هۆش و بیرو بۆچوونە گشتیەکان ڕاونراون. ئێمە ناڵێین هەر هەموو ڕۆژنامەکان دووچاری ئەم گرفتە بوونەتەوە بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان بە تایبەتەی ئەوانەی لاپەڕەکانیان سەبارەت بە کۆمەڵگاو ڕەگەز و کولتورە کۆمەڵایەتیەکانەوە تژی دەکەن و گەلێک بابەتی سەرنج ڕاکێش ڕۆژانە دەخەنە ڕوو، بە هۆی نێزدیک بوونەوەی ئەم هەموو دەزگا مێدیانە بەرامبەر بە بۆچوونە سیاسیەکانی هەڤدیەوە دەبینین زۆر جار هەر هەموویان بایەخ بە هەمان سەرچاوە ڕۆشنبیریەکان دەدەن، بەڵام تەنها نووسەرەکانیان جودان، کە لە ڕواڵەتداهەمان مایسترۆی وەشاندن بەڕێوەیان دەبات، هەمان مرۆڤ ئەو بیروڕا جیاوازانە وەک شێوەیەکی نۆتی مۆسیقا بەڕێوەیان دەبات بە بێ ئەوەی هیچ فەرق و جوداییەکیان لێوە بکات, جگە لەوەش دەبێت بزانین کە مێدیاکان بۆیان نیە تەنانەت دەستکاری بنەچەکانی بۆچوونی نووسەرەکەش بکات. لەوانە گرنگتر ئەوەیە کە نووسەر چلۆن دەتوانێت ئەو شێوە سرووشتیە و ئەو زمانە سیاسیەی کە پسپۆری تیایدا هەیە، بە تایبەتی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە سنووری ڕەخنەو بابەت و لێهاتوویی وێژەیی و تام و چێژی گشتی ناسراوی نووسەرەکان دێنە وەشاندن، هەندێک نووسەر بۆ وەدی هێنانی نانی ڕۆژانەی هەردەم سەرقاڵی بڵاوبوونەوەی جۆرە بابەتێکن کە بە ڕاستی بێ تام و چێژن و بێ مانان کە زۆر جاریش نووسینەکانیان بە لایەنییکەوە بەستراوەتەوەو خەبات دەکات بۆ بە دیهێنانی پلەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتر، ئەم جۆرە نووسەرانە دەتوانیت بەراورد کەیت لە گەڵ شاعیرێکی سەردەم کۆنەکان کە چلۆن سەرەک عەشرەت و زەنگینەکانیان لە شیعرەکانیاندا دەنرخاندن، ئەم جۆرە خۆبەستنەوەیە بە هەندێک سەرەک و لێپرسراوانەوە هێندە نزمە هەتاوەکو منداڵانیش هەستی پێ دەکەن و بایەخ بە نووسینەکانیان نادەن ، بەڵام کێ دەتوانێت بڵێت ئەمە جۆرێکە لە بەکار هێنانی بەندێکی نووسراوی سەر بە دیموکراتیەت و ئازادی؟ ڕێگەی باشتر لەو جۆرە ڕەفتارانە ئەوەیە کە بایەخ بدرێت بە چۆنێتی بابەتەکەو دوورنەکەوتنەوە بێت لە مانای سەرەکی بابەتە سیاسیەکەو نەدۆزینەوەی هۆکارەکان بێت بۆ پۆشینی کارە ناڕەواکانی سیاسەتمەداران، گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم جۆرە نووسەرانە بابەتەکانیان دەبەستنەوەو لە ژووری داخراوی دادەنێن و خوێنەرەکانیشیان بەو شێوە بابەتانە ڕوو لە زیندان دەکەن و شێوە سیاسیەکە بەرەو چوارگۆشەی یەکەم وەگەڕدەنێن، ئەم جۆرە بابەت ونووسەر و نووسراوانە، نە کاریگەرن و نە هاندەرن بۆ پێشڤەچوونی ڕای سیاسی گشتی و نە کاریگەریشن بۆ ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێت بیروڕای جیاواز بۆخۆیان وەربگرن، ئەم نووسراوانە توانای پیاچوونەوەو ڕەخنە لێگرتنی بابەتەکانیشیان هەر نیە، لە کاتێکدا نووسراوی سەربەخۆ هاندەر دەبێت بۆ وەچەرخان و گۆڕینی بۆچوونی هاوڵاتیان بەرەو کۆمەڵگایەکی تێگەیشتووتر کە بە ئاشتیخوازانە بتوانێت بیروڕای جەماوەر بەرەو گۆڕینە پۆسێتیڤەکان و ئەرێتیە شیاوەکانی سیاسیدا بەرێت. دەبێت نووسەر بایەخ بە ڕۆشنبیری و کردنەوەی ئاڵۆزیە گیرماوەکانی کۆمەڵ بدات، پێشڤەچوونی میللەت لە گشت بوارەکاندا پێویستی بە بیرو هۆش وڕووناکبیران هەیە.

لەوانەیە بەراوردەکە لێرەدا تەنها لە نێوان بابەتی سیاسی و بابەتی ڕۆشنبیری و هونەری بێت، ئەم بابەتانە گشتیان ڕێگان بۆ پەروەردەکردنی بیروڕای جیاواز و خۆ فێرکردنی مانا بەرزەکانی ژیان، هەر هەموومان دان بەوەدا دەنێین کە چلۆن هەندێک بابەتی سینەمایی و شانۆیی گرنگن بۆ قووڵی بیرکردنەوەو هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکانی کۆمەڵ لە سەر ئەم شاشەو شانۆیانەدا ، بۆ نموونە فیلمی یۆل. ئەم جۆرە بابەتانە هەر لەبەر ئەوەی کە خاوەن مافن و بێ گومان باوەڕیان بە ڕووداوە جەماوەریەکان هەیەو بە ئازایانە بابەتەکانیان دەخەنە ڕووبەڕووی کۆمەڵ، ئەم جۆرە ڕێنماییانە هەرگیز لە یادی خەڵکان ناچنەوەو دووبارەو سێبارەش خەڵکان لێیان دەکۆڵنەوەو تەماشای دەکەن، هۆیە سەرەکیەکەشی تەنها دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرمرۆڤێک لە سەر ئەو ڕووی زەمینە هەیە شەیدای سەربەخۆیی و ئازادی بیرورا دەربڕینە.
لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بە باوەڕەوە باس لەوە بکەین کە چلۆن ئازاد ی بیرورا دەربڕین لە مێدیاکاندا چەندە گرنگن بۆ پێشەوە چوونی کۆمەڵگا بە گشتی و بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی، زمانی ڕۆژنامەکان بنیات کەری ڕووداوە سیاسیەکانی ڕۆژانەن و هاندەرن بۆ سەڵماندنی مافە گشتیەکان و سەنگەرن بەرامبەر بە گەندەڵی ئیدارەکان، بۆ هەرس کردنی ئەم جۆرە بڵاوکراوانە ، نابێت سیاسەتی سزادان لەسەر ڕۆشنبیران بە پێی یاسا درووستکراوەکانی دەستەڵاتداران بسەڵمێنرێت، یان بایەخدان بە هەندێک لە قەڵەم فرۆشانی سەر بە دامو دەزگا دەستەڵاتدارەکان بکرێت و لەخشتەبردنی هەندێک نووسەری کە بن کە توێنووی بڵاوکردنەوەی بیروڕاو بۆچوونی ئازادن، گەر چی زمانی نووسینیانیش دژ بە بۆچوونی دەستەڵاتداران بێت، یاخود دەسەڵات بە خۆی بێت و مافی فیکری نووسەر تەسک بکاتەوە و ڕێگری بیری سەربەست بێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە بناغەدانان و فراوانکردنەوەی بیری ئازاد هەر لە کۆنەوە هەتا ئەورۆش سەرنجراکێشەری خەڵکانن، دووچار کردنی جەماوەر بە باوەڕهێنان بە هەندێک واتای بێ ماناو باوەڕهێنان بە هەندێک ووشەی وورە ڕووخاو بۆ دەسەڵات کاریگەر دەبێتە سەر نە باوەڕی جەماوەر بە دامو دەزگا حکوومیەکان، هەر لە دێرینەوە خوێندن و خوێندنەوە بۆ مرۆڤ گرنگ بوە، تەنانەت لە نوسراوە ئاینیەکاندا هاتوە کە مرۆڤ دەبێت بخوێنێت و هەڵگری مەشخەڵی ئازادی بێت، بەرگری کردن لە گوتنی ووشەی ئازاد و بیرووڕای ڕووناک، دژایەتیە ڕووەو ئاین و بیرورا مرۆڤایەتیەکان دەکرێن، ووشەی ئازاد لێپرسراوێتیەکی گشتیە، دەربڕینی ووشەی ئازاد هەم بۆ ڕووخاندن هەم بۆ بنیاتنانەوە بە توانایە ،جا تۆ کامیان هەڵدەبژێریت !؟

05-2006

سوێد
uvnbas@hotmail.com